# بۆ / UNHCRی جنیڤ و UNHCRی ئەنكارا

2003-06-16

ئیمە كۆمەلیك پەنابەری عیراقی كە لەخوارەوە ناومان هاتوە، ماوەیەك لەگەڵ (خدر محمد موسی، كە ژمارەی كەیسەكەی M-5337 ەو ناسراوە بە حاجی خدر) لە شاری چۆرومی توركیا پیكەوە ژیاوین‌و، لە نزیكەوە ئاگاداری كیشەكەی بووین.

خدر لە (19-10-1998) لەلایەن UNHCRی ئەنكاراوە چاوپیكەوتنی لەگەلدا كراوە، بەڵام مافی پەنابەریی پێ نەدراو لە (13-10-1999) دا فایلەكەی بەتەواوی داخرا. ئەویش لەبەرئەوەی ژیانی لەكوردستان لەمەترسیدا بوو، توانای گەرانەوەی بۆ كوردستان نەبوو. سەرباری ئەوەیش لە توركیا روبەرووی چەند كیشەیەك بوەوە كە لەكاتیخۆیدا UNHCRی لی ئاگاداركرایەوە: لەماوەی مانەوەیدا لەتوركیا هەولی زۆری دا بۆ ئەوەی كە UNHCR قانع بكات كە ژیانی لە مەترسیدایە، بەڵام UNHCR لەسەر بریارەكەی خۆی بەردەوام بوو، وە مافی پەنابەری پێ نەبەخشی. بۆیە حكومەتی توركیا لە كانونی دوەمی 2002دا بریاری دیپۆرت كردنەوەی دا، بەڵام دوای ئەم بریارەش نزیكەی (6) مانگ بە نارەسمی لە توركیا مایەوە، تا سەرەنجام لە مانگی تەمووزی 2002دا دیپۆرت كرایەوە بۆ كوردستانی عیراق. بەداخەوە رۆژی 14-6-2003 لە سایتی كوردستان نیت (www. kurdistannet. org) هەوالی تیرۆركردنیمان خویندەوە.

ئیمە UNHCRی توركیا بەبەرپرس دەزانین لە بەرامبەر تیرۆركردنی (حاجی خدر) دا چونكە بیدەربەستی ئەوان بوو كە بوو بە هۆی كوژرانی. وە لیرەوە داوا لە UNHCR دەكەین كە مەسئولانە بەرامبەر خواستی پەنابەرانی عیراقی هەلسوكەوت بكات‌و بەچاوی گومانەوە سەیری كیشەكانیان نەكات‌و مافی پەنابەرییان بداتێ، تا رووداوی دلتەزینی لەم چەشنە دووبارە نەبیتەوە.

بۆ ئاگاداریتان زۆربەی ئەوانەی كە ئیمزامان كردوە لەلایەن UNHCRی ئەنكاراوە دۆسیەكانمان داخراوەو لەبەردەم هەرەشەی دیپۆرت كردنەوەداین. وە هەر ئیستا (بەختیار موستەفا عەزیز M-6375) بریاری دیپۆرتكردنەوەی دراوە.

**ناوەكان**

**سارا محمد فتاح**

**بیخال وەهاب محمد**

**شوكاك عبدالستار**

**جبار محمد علی**

**فریال فهمی**

**بەختیار موستەفا**

**محمد رسول**

**چیمەن تەها**

**نمیر سالم**

**قومریە كریم**

**یادە ئەكرەم**